Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2024
Vol. X, No. 1, Series 17

پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۳
سال ۱۰، شماره ۱، پیاپی ۱۷

# سیماکانی نوێکردنەوە لە بونیادی قاڵبە شیعرییەکانی دڵزاردا

سەرباز مەجید خۆشناو[1] (نووسەری بەرپرس)
یادگار ڕەسوڵ حەمەدەمین[2]

## (وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگری: ٢ی ڕەشەمەی ١٤٠١، کاتی پەژێران: ٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٢، لل. ١٨٣ - ٢٠٩
DOI: 10.22034/JOKL.2024.138657.1285

**کورتە**

دڵزار وەک شاعیرێکی نوێخوازی کورد، لە ڕووی بونیادی فۆرمەوە هەنگاوی بەبرشتی نوێخوازیی ناوە و لە چەندین ڕووەوە شیعرەکانی سیمای نوێبوونەوەیان پێوە دیارە. لەم توێژینەوەدا هەوڵی خستنەڕووی ئەو داهێنان و نوێکاری و گۆڕانکارییانە دراوە کە شانبەشانی شاعیرانی نوێخوازی دیکەی ئەو قۆناغە، شیعری کوردییان پێ نوێ کردۆتەوە. پرسی نوێبوونەوەی قاڵبە هونەرییەکانی شیعری کوردی، پرسێکی بەرفراوان و پڕ گۆڕانکاری و سیمای نوێکاری و داهێنانە. هەندێک لە شاعیرانی نوێخوازی کورد، بە ئاگایی و بە وردی کاریان لە سەر کردووە و شیعریان تێدا هۆنیونەتەوە. دڵزار شاعیرێکە کە زۆربەی شیعرەکانی لە چوارچێوە جیاوازەکانی قاڵبی پارچە، پارچەبەند، موسەممەت، موەششەح و موستەزاددا داڕشتوون کە شایانی توێژینەوەن. بە پشتبەستن بە تیۆری هونەرە ئەدەبییەکان و بە میتۆدی وەسفی-شیکاری لە سنووری دیوانەکەیدا، کار لە سەر ئەو دەقانە کراوە کە وەک قاڵب لە سەر بنەمای لەت بونیادنراون. بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە کە بە وردی دەستنیشانی سنووری قاڵبەکانی کردووە و کەلێن و ئاڵۆزیی لێکۆڵینەوەکانی پێشتری ڕەواندووەتەوە و بۆ لەمەودواش کارئاسانی بۆ توێژەران دەکات کە کاری لەم چەشنە لە دیوانی شاعیرانی دیکەش بکرێت.

***وشەگەلی سەرەکی:*** دڵزار، نوێکردنەوە، پارچە، پارچەبەند، موسەممەت، موەششەح، موستەزاد

**چکیده**

دلزار به عنوان یکی از شاعران نوگرای کرد، گامهای موثری را در راستای نوآوری در قالب‌های شعر کردی نهاده و می‌توان از زوایای مختلف نوگرایی را در اشعارش مشاهده کرد. این جستار به ابعاد متعدد نوآوری‌هایی می‌پردازد که دلزار در اشعار خود آفریده و همگام با شاعران نوگرای دیگر، در آن مقطع تاریخی، فرایند تجدد در شعر کردی را به وجود آوردند. مسألۀ نوآوری در قالب‌های هنری شعر کردی، موضوعی است دارای جوانب گسترده و سرشار از تحولات متعدد و نوسازی و خلاقیت که بعضی از شاعران نوگرای کُرد، با آگاهی و دقت قابل تأملی به آنها پرداخته‌اند و در آن قالبها شعر سروده‌اند. دلزار شاعری است که اکثر شعرهای خود را در چهارچوب قالب‌های مختلف قطعه، بند، مسمط، موشح و مستزاد سروده که شایان تحقیق و تفحص هستند. این مقاله که با تکیه بر فنون ادبی و به شیوۀ توصیفی-تحلیلی انجام شده است، دیوان دلزار و مخصوصاً شعرهایی را که بر مبنای مسمط سروده شده اند، بررسی و تحلیل می‌کند. ارزش پژوهش حاضر در این است که با دقت محدودۀ قالب‌های شعری را مشخص کرده و کاستی‌ها و ابهامات پژوهش‌های پیشین را زدوده و برای پژوهشگران بعدی هم مسیر هموراری را فراهم آورده است که کارهای مشابه را بر دیوان شاعران دیگر انجام دهند.

***واژگان کلیدی:*** دلزار، تازه‌گری، قطعه، بند، مسمط، موشح، مستزاد

١. مامۆستای یاریدەدەر، زانکۆی سۆران، بەشی کوردی، سۆران، هەرێمی کوردستان sarbaz.omer@soran.edu.iq
٢. پرۆفیسۆر لە زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب، بەشی کوردی، سۆران، هەرێمی کوردستان yadgar.ameen@soran.edu.iq

## ۱- پێشەکی

دڵزار (۱۹۲۰ - ۲۰۲۱) وەک شاعیرێکی قۆناغی نوێبوونەوەی شیعری کوردی، بەکاریگەریی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا ژیاوە، بەپیر ئەو تەکانە گەورەیەوە چووە کە لە ڕووی فۆرمەوە شیعری کوردیی ڕووبەڕووی وەرچەرخانێکی فرەلایەن کردۆتەوە. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، چ بە هۆی کاریگەریی شیعری شاعیرانی تورکەوە، چ بە هۆی پەرەسەندنی شیعری کوردییەوە، شاعیرانی نوێخوازی کورد، وەک شێخ نووری شێخ سالح، ڕەشید نەجیب و گۆران، شیعری ناوچەی سلێمانییان پێ نوێکردۆتەوە؛ ڕێچکەی شیعری کوردییان بەرەو کێشی ژمارەیی (خۆماڵی) برد کە پێشتر لە هۆنراوی فۆلکلۆری و شیعری نەتەوەیی و شیعری شاعیرانی شێوەزاری گۆران پەیڕەوکراوە. دەستیان بۆ پەیڕەوکردن و نوێکردنەوە و داهێنانی قاڵبە جۆراوجۆرەکانی شیعر برد و پانتاییەکی فراوانیان لە شیعری نوێی کوردیدا بۆ ڕەخساند. بەراورد بە شاعیرانی دیکەی قۆناغی نوێبوونەوەی شیعری کوردی، ئاوڕێکی جدی لە هەوڵەکانی دڵزاری شاعیر نەدراوەتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا دڵزار وەک شاعیرێکی نوێخواز چەندین هەنگاوی گەورەی بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی ناوە، بەتایبەتی لە بونیادی قاڵبە هونەرییەکانی شیعردا.

هەڵبژاردنی ئەم پرسە بۆ توێژینەوە، لە بەر دوو هۆکار بووە: یەکەمیان پرسی بونیادی قاڵبە شیعرییەکانە کە لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا زیاتر پەیڕەوکراوە؛ بەڵام بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە نەکراوە، زیاتر لە شێوازی شیعری شاعیراندا لەپاڵ بابەتگەلێکی دیکە ڕووکەشانە ئاوڕیان لێدراوەتەوە و لەو ڕووەوە کەلێن و تێکەڵی هەیە. دووەمیان، بەپێی ئاشنایەتیمان بە هەوڵە نوێخوازییەکانی دڵزاری شاعیر، ئەو بەرچاوڕوونییەمان هەیە کە شیعرەکانی دڵزار وەک سنوورێکی دەوڵەمەند بۆ توێژینەوەکە لەبار و گونجاوە، لەلایەکی دیکەش تا ئێستا دڵزار لە کاروانی شیعری نوێی کوردیدا هەقی خۆی پێ نەدراوە و توێژینەوەی پێویست دەربارەی شیعرەکانی نەکراوە.

هێرۆ عبدالرحمن مستەفا لەساڵی (۲۰۰۹) ماستەرنامەیەکی بە ناونیشانی *ڕیالیزم لە شیعری ئەحمەد دڵزاردا* نووسیوە کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کاری لە سەر دەقەکان کردووە. بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لە سنووری دیوانەکەیدا (دیوانی دڵزار، ۲۰۰٦) باس لە وردەکارییەکانی لایەنێکی شیعرەکانی شاعیرێک دەکات، ئەویش بونیادی ئەو قاڵبانەیە کە لە سەر بنەمای لەت داڕێژراون. بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە تیۆری هونەرە ئەدەبییەکان بەستراوە. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی قووڵتر لێکۆڵینەوە لە بونیادی قاڵبە شیعرەکاندا بکات، ئەمەش وای کردووە کە پەیڕەوی میتۆدی

وەســـفی-شـــیکاری بکرێت. بابەتی لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشـــی یەکەم باس لە چییەتی و جۆر و تـایبەتمەنـدییەکـانی قـاڵبی پـارچەکـان دەکـات و لەو چوارچێوەیەدا بونیـادی شیعرەکانی دڵزار شیدەکاتەوە و دەستنیشانی سیما نوێیەکانیان دەکات. لە بەشی دووەمدا باس لە قاڵبی پارچەبەندەکان دەکات و جۆر و تایبەتمەندییەکانیان دەخاتەڕوو و شیکردنەوە بۆ ئەو دەقانەی دیوانی دڵزار دەکات کە لە سەر بنەمای بەند هۆنراونەتەوە.

## ٢- قاڵبی پارچەیی

شیعری کوردی لە قۆناغی نوێبوونەوەدا سنوورێکی فراوانی لە پەیڕەوکردنی قاڵبە هونەرییەکاندا تەنیوە. داڕشتنی شیعر لە قاڵبی تایبەتدا پێش قۆناغی نوێبوونەوەش لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەبووە، بۆ نموونە پارچەکانی وەک تاک، دووبەیتی، پارچە (قەتعە)، غەزەل، قەســـیدە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە، پەیڕەوکردنی چەند قاڵبێکی تازەیە لە شیعرەکانی دیوانی دڵزار و جەختکردنەوەیە لە ســـەر ئەو قاڵبانەی لە ســـەر بنەمای لەت بونیادنراون. مەبەســـت لە قاڵبە پارچەییەکان، ئەو قاڵبانەن کە بونیادێکی ســـەربەخۆیان هەیە و وەک دەقێکی شـــیعریی تەواو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لە دیوانی دڵزاردا لە ڕووی بونیادەوە دوو جۆر قاڵبی پارچەیی هەیە:

**٢-١- ئەو پارچانەی لە سەر بنەمای دێڕ (بەیت) بونیادنراون**

ئەو قاڵبانەن کە پێشـــتر لە قۆناغی کلاســـیکیدا پەیڕەوکراون؛ وەک تاک، دووبەیت، قەتعە، غەزەل، قەســـیدە. تاکە ســـیمای نوێبوونەوە لەو قاڵبانەدا گەڕانەوەیە بۆ پەیڕەوکردنی کێشـــی ژمارەیی؛ بۆیە ئەو دەقانە لەگەڵ پرسی توێژینەوەکەدا یەک ناگرنەوە و چاوپۆشییان لێدەکرێت.

**٢-٢- ئەو پارچانەی لە ســـەر بنەمای لەت بونیادنراون:** ئەو پارچانەن کە لە ڕوانگەی لەتەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ژمارەی لەت و چۆنیەتیی ســەروا ڕۆڵێکی ســەرەکی دەبینن لە ناونان و ناساندنی قاڵب و جۆرەکانیان. دڵزار لە شیعری پارچەییدا چەند جۆرێکی پەیڕەوکردووە:

### ٢-٢-١- قاڵبی سێیینە

لە ســێ لەتەدێڕ پێکدێت. گەردی (١٩٩٩ب: ١٩٩) پێیوایە ســێیینە لە بنچینەدا ئیتاڵییە و لە سۆنێتەکانی پترارک وەرگیراوە. ئەم قاڵبە لە هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردیشدا پەیڕەو کراوە؛ بەڵام دەشێ لە قاڵبی شـیعری نوێدا لە ڕووی سـەرواوە سـوود لە سـێیینەکانی سـۆنێتە وەرگیرابێ. قاڵبی سێینە لە شیعری نوێدا کەمە، بەڵام دڵزار لە شیعری «سوێند» (٩٥) و شیعری «گەپ» (١٣٢) و شـیعری «هەنگ» (٢٤٧)دا، ئەو قاڵبەی پەیڕەو کردووە و لە هەرسـێکیاندا لەتەکان هاوسـەروان (AAA)و پەیوەندییان بە سێینەی ئیتاڵییەوە نییە. بۆ نموونە:

پاک و پوخت و خاڵداره هەنگ
هەتا بڵێی بەکاره هەنگ
دەرمانخانەی باڵداره هەنگ (دیوانی دڵزار: ٢٤٧).

**٢-٢-٢- چوارینە (چوارین)**

چوارین «بریتییە لە چوار لەتی سەربەخۆ، مانایەکی ورد و قووڵ دەردەبڕێ» (گەردی، ٢٠١٤: ٢٨٥). لە قاڵبی دووبەیت نزیکە. لە دووبەیتدا زیاتر پەیڕەوی سەروای یەکگرتوو (AAØA) دەکرێت. دڵزار چەند دەقێکی چوارینی بە سەروای جیاواز داڕشتوون کە سیمای نوێبوونەوەیان پێوە دیارە:

ئەلف) سیستەمی سەروای (AAAA) لە شیعرەکانی «دنیا» (٣٥) و «تۆ» (١٠٧) و «حوکمی ناڕەوا» (١٠٨) و «لە یادی میللەتا» (١٤٤) و «هۆشی من» (٢٤٢)دا پەیڕەو کردووە، بۆ نموونە:

دنیا باغێکە ژیان گوڵیەتی
ئازادی زادی گەڵا و چڵیەتی
هیوا ئاوازی خۆش بولبولیەتی
دیلی میکرۆب و کرمی گڵیەتی (دیوانی دڵزار: ٣٥).

ب) سەروای سۆنێتەی شەکسپیری (ABAB) لە چوارینەکانی «جوانترین کچ» (١٠٧) و «دڵداران دەوڵەمەندن» (١٠٨) و «شۆخی جوان» (١٠٨) و «هەژاری و دڵداری» (١١٢) و «سەربەستی» (١٢١) و «دەژین» (١٤٥) و «هەندێ قەڵەم» (١٥٥) و «جوانی غەمگین» (٢٢١) و «منداڵی ساوا» (٢٢١) و «دنیای دوون» (٢٢١) و «نهێنی بپارێزە» (٢٢٣) و «هەڵبەست و هەنگوین» (٢٣٥)ی بەکارهێناوە، بۆ نموونە:

شۆخی جوانی بەدڕەوشت
وەک ژاڵە ئاڵە تاڵە
بەڵام یاری خۆش سروشت
کانگەی کەماڵە ماڵە (دیوانی دڵزار: ١٠٨).

**٢-٢-٣- پێنجین**

دەقێکی سەربەخۆیە و لە سەر بنەمای لەت بونیادنراوە «بریتییە لە پێنج لەتی سەربەخۆ مانایەکی ورد و قووڵ بەردەبڕێ» (گەردی، ٢٠١٤: ٢٩١). هەر جۆرە سەروایەکی تێدا پەیڕەوکرابێ، بەهۆی تاکیی ژمارەی لەتەکانی لە قاڵبی پێنجینەدا دەردەکەوێت. دڵزار لە

دیوانەکەیدا دوو دەقی پێنجینی هەیە: «لە سەر شێوەی فۆلکلۆر» (١٣١) و «هەستە مەوەستە» (١٤٤). لە هەردووکیاندا سیستەمی هاوسەروایی (AAAAA)ی بەکارهێناوە. بۆ نموونە:

هەستە مەوەستە دەستە بەستە
نیگارەی مەم هەنارەی دیدەمەستە
دڵم ئەمشەو بەڕاستی تەنگ و پەستە
لە ئەو ڕۆحی رەزەی زۆر کۆن و خەستە
لەبۆم تێکە پەیاپەی بێنە هەستە (دیوانی دڵزار: ١٤٤).

**٢-٢-٤- شەشینە**

قاڵبی شەشینە، دەقێکی سەربەخۆیە و لە سەر بنەمای لەت بونیاد دەندرێت، پێکهاتەکەی شەش لەتە (پەخشان عەلی، ٢٠٠٩: ١١٢). بەوە لە قەتعە و غەزەل جیادەکرێتەوە کە قەتعە و غەزەل لە سەر بنەمای بەیت (دێڕ) بونیادنراون و سەروای یەکگرتوو یان سەروای مەسنەوییان تێدا بەکارهاتووە. قاڵبی شەشینە لە شیعری کوردیدا کەمە، بەڵام دڵزار بە سەروای جیاواز پەیڕەوی ئەم قاڵبەشی کردووە. بۆ نموونە:

ئەلف) لە شیعری «شەشی ئەیلوول» (٢٢٩)دا سەروای (ABABCC) بەکارهێناوە:

ئەم ڕۆژەیە ڕۆژی شەشی ئەیلوولێ لە عالەم
ڕۆژێکی گەلێ شووم و بەدی کوردی هەژارە
ڕۆژێکە پڕ ئاشوب و غەم و مەینەت و ئەستەم
ڕێژنەی خەفەت و غەم وەکو بارانی بەهارە
ئەم ڕۆژەیە ڕۆژی خەفەت و شیوەن و گریان
ئەم ڕۆژەیە ڕۆژی ڕەشی شوومی کوردان (دیوانی دڵزار: ٢٢٩).

ب) لە شیعری «بۆ دەوڵەمەندێکی ڕەزیل» (٢٠٨) و «ڕوخساری ئەستی» (٢٢٢)دا، سەروای (AAAABB) پەیڕەو کردووە. بۆ نموونە:

لە ڕەنگی سووری گوڵباخ
لە خوێن و بەفری سەرشاخ
لە پڕتەوی شەوی چراخ
لەگەڵ ئەشک و لەگەڵ ئاخ
ئەهۆنمەوە هەڵبەستی
وسافی ڕوخساری ئەستی! (دیوانی دڵزار: ٢٢٢).

**۲-۲-۵- هەشتینە**

لە سەر بنەمای لەت بونیادنراوە و ژمارەی لەتەکانی هەشتن. دڵزار لە دوو دەقی سەربەخۆدا بە دوو سیستمی سەروای جیاواز دوو قاڵبی هەشتینەی داڕشتووە:

ئەلف) لە شیعری «دینی خۆشەویستی»دا، سەروای (AAAAAAAA) بەکارهێناوە:

دڵم دیوانی دیدەمەستانە
باغی بتخانەی بت پەرستانە
لەوحی تەورات و سەفحەی قورئانە
کەعبەی ئیسلام و شینگای جوانە
دێری ڕەبەن و مەکۆی موغانە
خۆشەویستێکی ڕاستە ئینسانە
خۆشەویستییە دینی من گیانە
بێ خۆشەویستی ژین کەی ژیانە؟ (دیوانی دڵزار: ٩٤).

ب) شیعری «لە سەر گڵکۆی بارزانی»ی بە سەروای (ØAØBCCAB) داڕشتووە:

لە سەر تابلۆی تەوێڵی
زێدە زلی زەمانا
ناوت بە پڕشنگی خۆر
نووسراوە ئەی بارزانی
نمایانە کاری تۆ
هێژایە ئاکاری تۆ
کاریگەریت تا هەتا
لە باوە ئەی بارزانی (دیوانی دڵزار: ٢٧٩).

**۲-۲-٦- نۆیینە**

شیعرێکی سەربەخۆیە و لە سەر بنەمای لەت بونیاد دەندرێت. سەرواکەی بە هەرشێوەیەک هاتبێ، بەهۆی تاکیی لەتەکانییەوە، وەک قاڵبی نۆیینە دەردەکەوێت. دڵزار دەقی «ڕوست و گرتک»ی لە قاڵبی نۆییینەدا و بە سەروای (ABBAØCCAA) داڕشتووە:

ڕوست و گرتک
ئەی جوانترین
ناوچەی زەمین

چوانیت تک‌تک
وەک جواناوی
نازدارانت
دڵدارانت
ئەتکێ تک تک
ڕوست و گرتک (دیوانی دڵزار: ٢٢٥).

**٣- قاڵبەکانی پارچەبەند**

مەبەست لە قاڵبی پارچەبەند «ئەو شیعرانەن کە لە چەند کۆپلەیەک پێکهاتوون، بە پێی سیستەمێکی تایبەت و دیاریکراوی سەروا پێکەوە بەستراون» (ئەحمەد، ٢٠١٤: ٧٤). پێشتر شیعری پارچەبەند لە شێوازی شیعری کلاسیکدا، لە قاڵبەکانی تەرجیعبەند و تەرکیببەنددا پەیڕەوکراون. لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعردا، شاعیرانی کورد ڕوویان لەو قاڵبانە کرد کە لە سەر بنەمای لەت داڕێژراون. دڵزار چەند قاڵبێکی پارچەبەندی لە بونیادی شیعرەکانیدا پەیڕەو کردووە. ئەو پارچەبەندانەی لە سەر بنەمای لەت هۆنراونەتەوە، بەپێی شێوازی پێکهاتەکانیان دەبنە دوو جۆر:

**٣-١- ئەو پارچەبەندانەی لە پارچەی سەربەخۆ پێکدێن**

ئەو قاڵبانەن کە پارچەکانیان ناوبەندیان نییە و وەک پارچەی سەربەخۆ بەشداری لە پێکهاتەی شیعرەکە دەکەن. ئەم پارچەبەندە بەپێی بەیەکەوە هاتنی بەندەکانیان دەبنە دوو جۆر:

**٣-١-١- پارچەبەندی ساف**

ئەو شیعرانەن کە پارچە پێکهێنەرەکانیان لە ڕووی ژمارە و چۆنیەتیی بەیەکەوەهاتن و دابەشبوونی لەتەکانیان و لە ڕووی پەیڕەوی سەرواوە هەمان قاڵبیان هەیە. دڵزار لەم ڕووەوە چەند شیعرێکی لە سەر پارچەبەندی جیاواز داڕشتووە:

**٣-١-١-١- سێینەبەند:** ئەو قاڵبەیە «لە کۆمەڵێک سێینە پێکدێت» (گەردی، ٢٠١٤، ٢٨٤). لە هەر دەقێکدا پارچەکان هەمان پێکهاتەیان هەیە. دڵزار لە شیعری (پرچ و بروسک: ٨٥) و (پێنووس: ٢٤٥)دا ئەم قاڵبەی بە سیستەمی هاوسەروایی لەتی پارچەکان داڕشتووە (AAA- BBB- CCC ...). بۆ نموونە:

پێنووسەکەم شیڤەرە
بۆیە بێ بینە و بەرە

چەکی دەستی نووسەرە!

***

خەتی خۆش و ڕەوانە
هەتا بڵێی جوانە
هەردەم لە بەر دڵانە!

***

کاتێ دنیا دەشەقڗێ
گڕ و کڵپەی لێ دەپڕژێ
وشەی زێڕی لێ دەڕژێ (دیوانی دڵزار: ٢٤٥).

**٣-١-١-٢- چوارینەبەند**

قاڵبی چوارینەبەند «ئەوەیە کە شاعیرێک هۆنراوەیەکی دووردوودرێژ بهۆنێتەوە لە سەر یەک بابەت، بەڵام دابەش پارچەی چوار لەتی بکا» (گەردی، ٢٠١٤: ٢٨٦). بەو واتایەی بەندەکانی لە پارچەی چوارینی سەربەخۆ پێکدێن. سەروای پارچەکان لە سەر هەمان سیستەم دامەزراون. لەڕووی پەیڕەوی سەرواوە، دڵزار دوو جۆر سیستەمی پەیڕەوکردووە:

**ئەلف) سیستمی سەروای سۆنێتە:** سەروای چوارین لە سۆنێتەدا، دوو سیستەمی هەیە:

١- قاڵبی سۆنێتەی پترارکی (ABBA). دڵزار لە شیعری «بەڕێکردنی خۆشەویستێک»دا کە لە دوو پارچەی چوارین پێکهاتووە، لە هەردوو پارچەکەدا پەیڕەوی سەروای (ABBA-CDDC)ی کردووە:

بەڕێی کردم و فرمێسکی گەرمی
خڕخڕ دەڕژایە سەر کوڵمی ناسک
گرتمیە باوەش بە هەردوو باسک
سنگی توندکردم لە سنگی نەرمی

***

لێوی هەڵمژیم ئارامی گیانم
چرپانی بە گوێم بەدەم ئاهـ و وای
بریا نەمدیبای هەر نەمناسیبای
ئای کە چەند سەختە بێ تۆ ژیانم (دیوانی دڵزار: ١٠٦).

**٢-** قاڵبی شەکسپیری(ABAB)ی لە دەقەکانی «پۆڕسەعید» (٤٤) و «کارەبای کۆیێ» (١١٦) و «سروودی برایانی مەکتەب» (٢١٠)دا ئەم سەروایەی پەیڕەو کردووە. بۆ نموونە:

برایانی مەکتەب دەسا ڕاپەڕن
جەمی ڕاپەڕین و خەبات کردنە
نەزانی و نەفامی لە نێو لابەرن
زەمانی نەزانی لەناوبردنە !

***

بە گوفتاری چاک و بە کرداری باش
بە بڕوایەکی زێدە توند و بەتین
بە گوڕ وەرنە مەیدانی هەوڵ و تەلاش
بکێڵن بدێرن گوڵستانی ژین (دیوانی دڵزار: ٢١٠).

**ب) سیستمی هاوسەروایی** (AAAA- BBBB- CCCC ...) لە دەقەکانی «لە نێو لاو و کیژۆڵەیەکدا» (٩١) و «بۆ کیژۆڵەیەکی خڕپن» (١٣٩) و «ئەمڕۆ نەورۆزە» (١٩٣) و «دنەدان بۆ تێکۆشان» (٢٢٨) پەیڕەو کردووە. بۆ نموونە:

ئەمڕۆ نەورۆزە تازە بەهارە
لە سەر چڵی گوڵ قومری و هوزارە
مافووری هەردە گوڵ و گوڵزارە
سەیرانگای شۆخ و شەنگ و دڵدارە

***

شنەبای وەحدە دەفعی غەم دەکا
پەرت و بڵاوی هەور و تەم دەکا
سەرمای زستان و بەفر کەم دەکا
دیسان گیان بەخشی باخ و چەم دەکا (دیوانی دڵزار: ١٩٤).

دڵزار وەک هەوڵێکی داهێنەرانە هەندێک لە قاڵبی پارچەبەندەکانی بە هونەری موستەزاد مۆسیقیتر کردوون. لە قاڵبی چوارینەبەندیشدا ئەم پەیڕەوەی کردووە، بۆ نموونە:

مژدە لەم گەل و هۆزە
زەمین بۆتە پیرۆزە
ڕۆژێکی زۆرپیرۆزە

جەژنی نەورۆزە

***

جەژنی قومری و هوزارە

کژی گوڵ و گوڵزارە

دەشت و دەر مێرغوزارە

تازە بەهارە (دیوانی دڵزار: ٦٧).

بونیادی هەر پارچەیەک لە سێ لەت و یەک تیکە پێکهاتووە و سەروای شیعرەکە شێوازی (AAAa- BBBb- CCCc …) وەرگرتووە.

**٣-١-١-٣- پێنجینەبەند**

شیعرێکی کۆپلەییە و هەر کۆپلەیەکی لە پارچەیەکی پێنجینە پێکدێت و بە هەمان پێکهاتە لە شیعرەکەدا دووبارە دەبێتەوە. دڵزار لە قاڵبی پێنجینەبەندا دوو شێوازی پەیڕەو کردووە:

**ئەلف) پێنجینەبەندی باو:** لە شیعری (باب تۆمە)دا. پێنجینەیەکی سێبەندیی بە سەروای (AAAAA- BBBBB- CCCC) هۆنیوەتەوە. کۆپلەی یەکەمی وەک نموونە دەخەینە ڕوو:

کاتێک کە چوومە (باب تۆمە)

وامزانی دنیا هی خۆمە

جوانی حەمی ژ وێرێ کۆمە

توخوا یاران مەمکەن لۆمە

عیشق و جوانی تان و پۆمە (دیوانی دڵزار: ١٤٣).

**ب) پێنجینەبەندی موستەزاد:** ئەم پەیڕەوە لە قاڵبی پێنجینەبەندا داهێنانێکی تازەیە و لە قۆناغی نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت. دڵزار ئەم ئەزموونەی بە سەروای جیاواز لە چەند شیعرێکدا پەیڕەو کردووە. بۆ نموونە لە دەقی «هەژارین» (٤٦)دا سەروای (AaAaA) و لە «ئەگەر گەرەکتە»دا سەروای (AaBbA)و لە «هەستکردن» (٦١)دا سەروای (AaBbB)ی پەیڕەو کردووە. لە هەمووشیاندا بونیادی هەر پارچەیەک لە سێ لەت و دوو تیکەی هاوسەروا پێکهاتووە. بۆ نموونە:

ئەگەر گەرەکتە شاد و تێر و تەژی

تۆ بژی

ڕێگەیی زۆر ڕاستی ڕەهابوونی گەل

ڕێی عەمەل

بگرە هەتا دەرچی لە چنگ خوێنمژی (دیوانی دڵزار: ٤٩).

لە دەقی «كوردستان»دا هەر پارچەیەک لە چوار لەت و تیكەیەک لە كۆتاییدا بە هەمان سەروای لەتەكانی پێشخۆی دووبارە بووەتەوە، (AAAAa- BBBBb- CCCCc). كۆپڵەی یەكەم وەک نموونە دەخەینە ڕوو:

كوردستان جوانی ئێكجار شیرینی
بێ شک بەهەشتی سەر ڕووی زەمینی
خاوەن غیلمان و حۆری نەخشینی
دایم ڕازاوە و جوان و ڕەنگینی
هەوێنی ژینی (دیوانی دڵزار: ٦٥).

**٣-١-١-٤- شەشینەبەند**

ئەو قاڵبە شیعرییەیە كە «دابەشی سەر چەند كۆپڵەیەكی شەش لەتی بووبن» (ئەحمەد، ٢٠١٤: ٧٨). پارچەكان بە هەمان پێكهاتە دووبارە دەبنەوە، لە شیعری كوردیدا شەشینەبەند دەگمەنە. پارچەی شەش لەتی لە شیعری بەنددا، زیاتر لە قاڵبی موسەممەتی شەشی دادەڕێژرێن. دڵزار شەشینەبەندێكی بە ناونیشانی «جوانە كوردستان»ی لە سێ بەنددا بە سیستەمی هاوسەروایی هۆنیوەتەوە، هەر پارچەیەک سەروای تایبەت بەخۆی هەیە كە لە سەروای پارچەكانی دیكە جیاوازە. سەروای شەشینەبەندەكە بریتییە لە: (AAAAAA- BBBBBB- CCCCCC). كۆپڵەی یەكەمی وەک نموونە دەخەینە ڕوو:

جوانە كوردستان خاكی ڕەنگینت
باغ و بەهەشتی پان و بەرینت
كێوانی بەرزی لووتكە بەفرینت
هەوای بێ گەرد و ئاسمانی شینت
كانی و سەرچاوەی ئاوی چەمینت
زێوە و بێخاڵ و دێی نازەنینت (دیوانی دڵزار: ١٠٥).

**٣-١-٢- پارچەبەندی تێكەڵ:** مەبەست لەو شیعرە كۆپڵەییانەن كە پێكهاتەكەیان لە پارچەی جیاواز پێكهاتووە. دڵزار لە تێكەڵكردنی پارچەكاندا، چەند تەكنیكێكی پەیڕەوكردووە:

**ئەلف) تێكەڵكردنی پارچە بە سەروای جیاواز:** دڵزار وەک هەنگاوێكی نوێخوازی سیمایەكی تازەی بە شیعری پارچەبەند بەخشیوە. لە هەردوو دەقی «كوڕانی خەبات» (٥٣) و «ئەرێ كردگار» (٧١)دا ئەم تێكەڵییەی كردووە. نموونە بە دوو پارچەی سەرەتای پارچەبەندی ئەرێ

کردگـار دەهێنینەوە کە لە یەکەمیـانـدا، ســـەروای یەکگرتوو و لە دووەمیـانـدا چوارینەیەکی هاوسەروای هێناوەتەوە:

ئەرێ کردگار سا ئەم دنیایە
ئەم ئاسمان و زەوی و زەریایە
ئەم مەوجووداتەی بێ‌گیان و گیاندار
کەی پەیا کرا، بۆ هاتە کایە!؟

***

تاکەی شەو دادێ و ڕۆژ ئەبێتەوە؟
تاکەی خۆر هەڵدێ و مانگ ئەشرێتەوە؟
تاکەی بەهار دێ و گوڵ ئەکرێتەوە؟
بەفر و سەهۆڵی کەژ ئەتوێتەوە؟ (دیوانی دڵزار: ۷۱).

پـارچەی یەکەم لە ســـەر بنەمـای بەیـت دامەزراوە و پەیڕەوی ســـەروای یەکگرتووی (AAØA)کردووە. پارچەی دووەم لە ســـەر بنەمای لەت داڕێژراوە و پەیڕەوی ســـیســـتەمی هاوسەروایی (AAAA)کردووە.

**ب) تێکەڵکردنی پارچەی جیاواز:** تێکەڵکردنی پارچەی جیاواز لە پێکهاتەی پارچەبەنددا، لە شـــیعری شـــاعیرانی قۆنـاغی نوێبوونەوەدا دیـاردەیەکی بەرچـاوە و بە تەکنیکی جۆراوجۆر پەیڕەوکراوە. دڵزار لە شیعری «لە زستان بێزارم»دا (۸۷)، بە تێکەڵکردنی پارچەکانی «هەشتینە و شـەشـینە و چوارینە» قاڵبێکی لە پارچەبەندیی تێکەڵ داڕشـتووە. سـیسـتەمی هاوسـەروایی پەیڕەوکراوە و هەر پارچەیەک ســـەروای تایبەت بەخۆی هەیە و لە ســـەروای لەتەکانی دیکە جیاوازن. شـێوەی گشـتیی قاڵبەکە بریتییە لە: (AAAAAAAA- BBBBBBBB- CCCC- DDDDDD).

**۳-۲- ئەو پارچەبەندانەی پارچەکانیان بە ناوبەند بەستراونەتەوە**

لە بونیادی شیعردا، چەند قاڵبێکی هونەری هەن کە لە سەر بنەمای بەند و بەندەکانیشیان لە سەر بنەمای لەت بونیاد دەهۆندرێتەوە. بە هۆی ناوبەند بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

**۳-۲-۱- موسەممەت**

موســـەممەت وەک قاڵبێکی شـــیعری «لە ســـەر بنەمای ســـەروای لەت هاتووە» (گەردی، ۱۹۹۹ب: ۲۷۸). بەو واتایەی لە پێکهاتەی بونیادی قاڵبەکانی موسـەممەتدا مامەڵە لەگەڵ لەت دەکرێت، نەک دێڕ. موســـەممەت وەک قاڵب، شـــیعرێکی پارچەییە و لە ســـەر بنەمای بەند

دادەمەزرێت و بەهۆی ناوبەند و لەڕێی دووبارەبوونەوە و سـەروادا بەیەکەوە دەبەسـترێنەوە (گەردی، ١٩٩٩ب: ٢٧٨). هەر پارچەیەک لە قاڵبی موسـەممەت، ٣ تا ١٠ لەت لەخۆدەگرێت؛ ژمارەی لەتەکانیش دەبنە پێوەری دەسـتنیشـانکردنی قاڵبەکانی موسـەممەت (رزمجو، ١٣٩٠: ٥٠). بۆ نموونە موسـەممەتی سێیی، موسـەممەتی چواری، ... موسـەممەتی دەیی. لەتەکان لە بونیادی موسەممەتدا دەبنە دوو بەش: لەتەکانی سەرەتا کە لەتەکانی پارچەیان پێدەڵێن؛ لەتەکانی کۆتایی کە لەتەکانی ناوبەندیان پێدەڵێن (شـمیسـا، ١٣٨٢: ٣١٣). لەتەکانی پارچە لە ناو خۆیاندا هاوسـەروان و لەگەڵ سـەروای ناوبەندا جیاوازن؛ بەڵام لەتەکانی ناوبەند وەک خۆیان یان بەهەمان سـەروا لە کۆتایی هەموو پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە (رادفر و همکاران، ١٣٩٦: ٤٨). چۆنیەتیی پێکهاتە و چەندێتیی ژمارەی لەت و سـەروای ناوبەند، ڕۆڵێکی گرنگی لە ناونانی جۆری قاڵبەکانی موسـەممەتدا هەیە. بۆ نموونە موسـەممەتی تەرجیع کە لەتەکانی ناوبەند لە تەواوی پارچەکاندا دووبارەن، یان موسەممەتی تەرکیب کە لەتەکانی ناوبەند لە هەر پارچەیەکدا سەروای تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لە سـەروای لەتەکانی پارچە و لەتەکانی ناوبەندی پارچەکانی دیکە. موسـەممەتی تەرجیعی تەرکیب لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی لەتێکی جیاواز و لەتێک وەک خۆی لە ناوبەندی هەموو پارچەکاندا دروست دەبێت (گەردی، ١٩٩٩ب: ٢٧٩).

قاڵبی موسـەممەت لە شـیعری کۆندا بریتی بووە لە دابەشـکردنی بەیتەکانی شـیعر لەڕێی سـەروای ناوەوە. سـەروای کۆتایی بەیت لە تەواوی بەندەکاندا وەک یەک هاتۆتەوە (شـمیسـا، ١٣٨٣: ٣١٥)؛ بەو واتایەی هەر بەیتێک لەڕێی سەروای ناوەوە دابەش چوار بەشکراوە، سێ بەشی یەکەم هاوسەروان و سەروای بەشی کۆتایی لە نێوان تەواوی بەیتەکاندا هەمان سەروایە. بۆ نموونە:

ئەز چوومە باغێ سۆر گولان // وەختێ سەحەر گاهێ ب خەلان
مـن دی سەدایا بولبولان // داگرتبوون هەر چار تەرەف

سەوتا هەزار و قومرییان // دەنگێ رەباب و موغنییان
تەشبیهی بەزما بەنگییان // هەڤ دەنگی هەڤ بوون چەنگ و دەف (خانی، ل٥١).

دڵزار، بە تەکنیکی جیاواز سیمای موسەممەتی لەشیعرەکانیدا نوێکردۆتەوە:

**٣-٢-١-١- موسەممەتی سێیی:** لە سێ لەت پێکدێت؛ ژمارەی لەتەکانی پارچە بریتین لە دوو لەتی هاوسەروا و ناوبەندیش لە یەک لەت پێکدێت کە سەرواکەی لە سەروای پارچەکان جیاوازە. هەرچەنـدە موسـەممەتی سـێیی لە شـیعری کوردیـدا دەگمەنە، بەڵام بە پێ Y چۆنیەتیی دووبارەبوونەی لەتی ناوبەند دوو شێوازی هەیە:

**ئەلف) لەتەکە وەک خۆی لە تەواوی پارچەکاندا دووبارە دەبێتەوە.** دڵزار لە شیعری «ڕەوت و زەنگ»دا، بە دەستکارییەکی کەم ئەم شێوازەی پەیڕەو کردووە:

ناوبەندی یەکەم: ئاوایە ڕەوتی (کاتیووشە)

ناوبەندی دووەم: ئاوایە ڕەنگی (کاتیووشە)

ناوبەندی سێیەم: ئاوایە سەنگی (کاتیووشە) (دیوانی دڵزار: ١٤٦).

**ب) لەتی ناوبەند لە هەموو پارچەکاندا بە هەمان سەروا دووبارە دەبێتەوە**

دڵزار شیعری «بۆ کاک حەسیبی قەرەداخی»ی لە سەر ئەم قاڵبە ( AAB- CCB- DDB- ...). داڕشتووە. دوو بەندی سەرەتا وەک نموونە دەهێنینەوە:

کاک حەسیبی قەرەداخی

ئەی خاوەنی دوو گوڵەباخی

تازە پشکووتووی هەڵوەریو

***

دوای خوێندنەوەی فەرهەنگی غەم

دنیام لە بەرچاو بوو بە تەم

منی وەک تۆ خۆشی نەدیو (دیوانی دڵزار: ١٦٠).

**٣-٢-١-٢- موسەممەتی چواری:** هەر بەندێکی لە چوار لەت پێکدێت. لە ڕوانگەی ژمارەی لەتەکانی ناوبەند دوو جۆری هەیە: ناوبەندی یەک لەتی و ناوبەندی دوو لەتی. دڵزار سێ شیعری لە قاڵبی موسەممەتی چواریدا هەیە کە هەر سێکیان لە سێ لەتی پارچە و یەک لەتی ناوبەند پێکهاتوون. دڵزار لە هەر شیعرێکدا سەروای پارچەکانی بە تەکنیکێی جیاواز هێناونەتەوە:

ئەلف) سەروای پارچەی یەکەم لە موسەممەتی (ئەی دولبەر: ۱۷۰)دا، شێوازی سەروای یەکگرتووی وەرگرتووە (AABA)، بەڵام لە بەر ئەوەی لە بەندی دووەمدا سەرواکەی لە سەر بنەمای لەت هاتووە و لەتی کۆتایی وەک ناوبەند هەردوو بەندەکەی بە یەکەوە بەستۆتەوە، قاڵبی شیعرەکەی لە موسەممەتدا بەرجەستە کردووە. سەروای شیعرەکە بریتییە لە: ( AABA- CCCA).

ب) پارچەی یەکەم لە موسەممەتی (پەرێشانە دڵی من: ۱۷۵)دا، لەتەکانی هەموویان هاوسەروان (AAAA)، بەڵام لە پارچەکانی دیکەدا جگە لە لەتی ناوبەند هەر پارچەیەک سەروای تایبەت بەخۆی هەیە. سەروای گشتیی شیعرەکە بریتییە لە: (AAAA- BBBA- CCCA- ...). دوو بەندی یەکەم وەک نموونە:

قوربان وەرە ئەمڕۆکە پەرێشانە دڵی من
بێ هۆش و بەبێ گۆشە لە زیندانە دڵی من
بێ ئاگر و بێ کڵپە لە سووتانە دڵی من
سووتاوی ڕوخ و کونکونی موژگانە دڵی من

***

بەو تێغی دوو ئەبرۆتە دڵم قیمە کراوە
پچڕاو و برینداره لەسەد لاوە بڕاوە
وا خوێنی دەچۆڕێ کە دەڵێی نێچیری ڕاوە
خوێناوی گەشی هەروەکو سیروانە دڵی من (دیوانی دڵزار: ١٧٥).

پ) لە موسەممەتی «نەورۆز وا گەڕایەوە»دا (١٩٦) سەروا پارچەی یەکەمی بریتییە لە (ABAB) و لە تەواوی پارچەکانی دیکەدا، سێ لەتی پارچە سەروای جیاوازیان هەیە و سەروای لەتی ناوبەندیش لە هەموو پارچەکاندا لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان. بە شێوەیەکی سەروای گشتی قاڵبی شیعرەکە بریتییە لە: (ABAB- CCCB- DDDB- ...).

**٣-٢-١-٣- موسەممەتی پێنجی:** هەر بەندێکی لە پێنج لەت پێکدێت، بەوە لە پێنجخشتەکی جیادەکرێتەوە کە موسەممەتی پێنجی بەرهەمی یەک شاعیرە و لە ڕووی بونیادیشەوە شیعرێکی سەربەخۆیە؛ بەو واتایەی تێکهەڵکێشی دوو دەقی جیاواز نییە. بەپێی ژمارەی لەتەکانی ناوبەند، دوو جۆری هەیە:

**ئەلف) ئەو موسەممەتەی ناوبەندەکەی لە یەک لەت پێکدێت.** بەپێی چۆنیەتیی دووبارەبوونەوەی لەتی ناوبەند سێ شێوازی هەیە (عەزیز گەردی، ١٩٩٩ب: ٢٧٨):

ئەلف) لەتی ناوبەند لە تەواوی پارچەکاندا، وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە.
ب) لەتی ناوبەند بە هەمان سەروا لە تەواوی پارچەکاندا دووبارە دەبێتەوە.
پ) لەتی ناوبەند بە سەروای جیاواز لە پارچەکاندا دووبارە دەبێتەوە.

دڵزار لە بونیادی ئەم قاڵبەدا، دوو شێوازی پەیڕەو کردووە:

**١- دووبارەکردنەوەی لەتی ناوبەند وەک خۆی:** لە موسەممەتی «گەنجی»دا (١١٤) کە لە پێنج بەند پێکهاتووە، ناوبەندی «خوایە بەشی ئەو هەر کەسادی بێ» لە تەواوی بەندەکاندا وەک خۆی دووبارە بووەتەوە.

**٢- دووبارەبوونەوەی ناوبەند بە هەمان سەروا:** دڵزار لە هەردوو دەقی «ڕۆژی چین» (١٩) و «فەلەستین» (٧٣) ئەم شێوازەی پەیڕەو کردووە.

دڵزار لە هەردوو شێوازەکەدا سیستەمی سەروای (AAAAA- BBBBA- CCCCA- ...) پەیڕەو کردووە. وەک نموونە دوو بەندی بەرایی شیعری «ڕۆژی چین» دەهێنینەوە:

فریشتەی دڵگەشی یاران گوڵی ئازادی ئەڕوێنێ
لە هەوری بەختیاریدا گەشی و شادی ئەبارێنێ
گوڵاڵەی شادمانی شەونمی هێمنایی دەپژێنێ
سەرۆکی چینی بنچینەی نیزامی نوو دەچەسپێنێ
قەڵا و قوڵلەی هەژاری و برسێتی و ڕووتی لەبن دێنێ

***

بە زەبری خوێن گوفارەی سەربەخۆیی شادی پەخشان کرد
سەراپا خاکەکەی چینی بەهەشت شێوەی دوڕ ئەفشان کرد
(چیانکای شێکی) خوێنرێژی شپرزە و حاڵ پەرێشان کرد
بە جارێ شەڕفرۆش و خائینانی خانەوێران کرد
دەرفشی سووری ئازادی چ بە جوانی دەنەخشێنێ (دیوانی دڵزار: ۱۹).

**ب) ئەو موسەممەتەی ناوبەندەکەی لە دوو لەت پێکدێت**

ئەو قاڵبەی موسەممەت بەپێی چۆنیەتیی بەیەکەوەهاتن و دووبارەبوونەوەی لەتەکانی ناوبەند چەند جۆرێکی هەیە (گەردی، ۱۹۹۹ب: ۲۷۹).

**۱- موسەممەتی تەرجیعی پێنجی:** لەم جۆرەیدا هەردوو لەتی ناوبەند لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆیان دووبارەدەبنەوە. لە هەر پارچەیەکیشدا لەتەکانی پارچە لەگەڵ یەکتردا هاوسەروا و لەگەڵ پارچەکانی دیکە سەروای جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە دڵزار لە شیعری «نەورۆزنامە»دا ئەم شێوازەی سەروای (AAABB- CCCBB- DDDBB ...) بەکارهێناوە. بۆ نموونە:

مژدەبێ ئەی کورد کە ئەمڕۆ جەژنەکەی نەورۆزتە
کاتی خۆش بەختی و سرور و ساتەکەی پیرۆزتە
وەختی شادی و غەش لەدڵ دەرکردنی گشت هۆزتە
مژدەبێ ئەی کورد کە نەورۆز پێشڕەوی سەربەستی یە
مژدەهێنی ڕۆژی ئازادی لە دیلی و پەستی یە.

***

دەشت و دەر خەمڵیوە ئەمڕۆ هەر وەکو باخی بەهەشت
گەنج و پیر شادانە سەرمەستن بە نەشئەی گەشتی دەشت

وەک مرۆ هاوارەکا سروەی شەماڵ و بایی وەشت

مژدەبێ ئەی کورد کە نەورۆز پێشرەوی سەربەستی یە

مژدەهێنی ڕۆژی ئازادی لە دیلی و پەستی یە. (دیوانی دڵزار: ١١١)

**٢- موسەممەتی تەرکیبی پێنجی:** سەروای دوو لەتی ناوبەند لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان و لەگەڵ لەتی پارچەکانیان سەروای جیاوازیان هەیە. ناوبەند لە تەواوی پارچەکاندا هاوسەروان، بەڵام دەشێ سەروای سەربەخۆشیان هەبێت. دڵزار دەقی «شیعر»ی لە سەر ئەم قاڵبە داڕشتووە:

شیعر پێویستە ئاوێنەی دەروون بێ

لە ناپووختی بەدوور و پاک و ڕوون بێ

بەرامبەر لەشکری دوژمن قشوون بێ

وەکو ئالا لەبۆ هەق هەڵکرابێ

لە گشت لایەکەوە پاڵپشت درابێ

***

ئەبێ پڕ بێژ و پەند و بێ زیان بێ

شەپۆلی وەزنی مۆسیقای گیان بێ

پەیامی پاک و پڕ نرخی ژیان بێ

لە کانگای پاک و پوختی دەرکرابێ

بە ئاوی باشترین خوو ئاودرابێ (دیوانی دڵزار: ١٢٢).

**٣- موسەممەتی تەرکیبی تەرجیعی پێنجی:** شێوازی دووبارەبوونەوەی ناوبەند لەم قاڵبەدا بریتییە لە: لەتی یەکەم بە هەمان سەروا و لەتی دووەم وەک خۆی لە هەموو پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە. دڵزار لە شیعری «سروودی گەنجی وریا ڕاپەڕن»دا، ئەم قاڵبەی پەیڕەوکردووە، هەرچەندە دوو لادانی لە بنەڕەتی قاڵبەکەدا کردووە، یەکەم: پارچەی یەکەمی سێ لەتە و لەتی دووەمی ناوبەند لەڕووی کێشەوە، لە نیو لەت پێکهاتووە، بەڵام لەڕووی داڕشتنەوە قاڵبی موسەممەتی تەرکیبی تەرجیعی پینجیی وەرگرتووە. سەروای گشتیی شیعرەکە بەم شێوەیەیە: ( AAb- CCCBb- DDDBb ...)، ئەم قاڵبە بەوە لە موستەزاد جیادەکرێتەوە کە تیکەکان وەک خۆیان دووبارە بوونەتەوە. بۆ نموونە:

بۆ نەمانی زوڵم و دەرچوونی نەزانی

بۆ چوقانی داری خۆشی و کامەرانی

بۆ ژیانێکی بەنرخی جاویدانی

کار و کۆشش کەن بە ئاشکرا و نیهان
گەنجی وریا ڕاپەڕن.
تا بەکەی میللەت ئیتر حەسرەت بنۆشین
تابەکەی ئاحر جلی زیللەت بپۆشین
ئێمە لای خۆمان بە هۆش و دڵ بە جۆشین
تا بەکەی بمرین لەژێر باری گران
گەنجی وریا ڕاپەڕن (دیوانی دڵزار: ۲۰۹)

**پ) ئەو موســـەممەتە پێنجییەی ناوبەندەکەی لە ســـێ لەت پێکدێت:** قاڵبی ئەم جۆرە موســەممەتە لە دوو لەتی پارچە و ســێ لەتی ناوبەند پێکدێت. بەپێی چۆنیەتیی دووبارەبوونەوەی لەتەکانی ناوبەند چەند شێوازێکی هەیە، دڵزار لە شیعری «داری ئازادی» موسەممەتی تەرکیبی تەرجیعی پەیڕەو کردووە کە لەتی یەکەمی ناوبەند بەهەمان ســـەروا و دوو لەتی کۆتاییش وەک خۆیان لە تەواوی پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە، بۆ نموونە:

ئەگەر لەگەڵ یەک ڕاست و دڵپاک بین
بۆ یەکتر باب و برازا و کاک بنین
بۆ سەر قەڵاتی خوێنمژ تاو ئەدەین
بەختیار ئەبین دوژمن قاو ئەدەین
داری ئازادی بەخوێن ئاو ئەدەین

*

چاومان لە ژینی کامەرانی بێ
هیوا و ئامانجمان گەر ئینسانی بێ
خوێنی هەزاران گەنج و لاو ئەدەین
بەختیار ئەبین دوژمن قاو ئەدەین
داری ئازادی بەخوێن ئاو ئەدەین (دیوانی دڵزار: ٣٤).

**٣-٢-١-٤- موسەممەتی شەشی:** لە شەش لەت پێکدێت، ئەمە باوترین جۆری موسەممەتە لە شیعری کوردیدا. سجادی (١٩٦٧: ١٧٥) کە بە داچنراو ناوی هێناوە، باس لەم جۆرە موسەممەتە دەکات و دەڵێ: «بەلای کوردەوە هۆنراوی داچنراو ئەوەیە کە شـــەش بڕ بێ؛ دوو نیوە هۆنرای دوایی خاوەنی ســەروایەک بێ کە جیا بێ لە ســەروای چوار نیوەکەی پێشــووی». لە ڕوانگەی چۆنیەتیی دووبارەبوونەوەی لەتەکانی ناوبەند دوو جۆر موسەممەتی شەشی هەیە:

**ئەلف) موسەممەتی تەرجیعی شەشی:** ئەوەیە لە دوو لەتی ناوبەند لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە. دڵزار لە شیعری (یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر)دا ئەم شێوازەی پەیڕەوکردووە. شیعرەکە لە (١٦) بەند پێکهاتووە و ناوبەند لە هەموویاندا بریتییە لە:

جەژنی ئازادنە یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە

یادی ڕۆژی وەرگەڕانی تاج و تەختی قەیسەرە (دیوانی دڵزار: ١٣).

**ب) موسەممەتی تەرکیبی شەشی:** لەم جۆرەیاندا، لەتەکانی ناوبەند بە سەروای جیاواز لە پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە و سەروای گشتیی قاڵبەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت: ( AAAABB- CCCCDD- EEEEFF ...). دڵزار لە شیعری «سوپای سوور» (٣٧) و «یەکی ئایار» (٥٠)دا ئەم شێوازەی پەیڕەو کردووە. بۆ نموونە:

ئێکی ئایار بۆ کرێکار جەژنە پڕ ئاوات و کام

بۆ بەرەی سەرمایەداران پڕ مەترسی و لەرز و سام

زۆرترین قەوماوەکانی پێشوو بێ شک پەشمە لام

ڕۆژەها زۆرن لە مێژووی توخمی ئینسانا بەڵام

ئێکی ئایاری هەزار و هەشت سەد و هەشتا و شەش

پێچەوانەی ڕۆژەها ڕسکا بە خوێنی سوور و گەش

***

هەر لە ڕۆژانی کەوا ڕەنجخۆر و ڕەنجبەر هاتنە ناو

ململانێی چینی پەیدابوو گەلێ توند و بە تاو

گا، لە بەینی ڕەنجبەر و خاوەن زەوی زار و بەراو

گا، لە بەینی کارگەران و خاوەنی کار و دراو

ئەم لە ڕێگەی نان و ئازادی، لە ڕێی خۆشی ژیان

ئەو لە پێناو خوێنمژینی ڕەنجبەری بێ بەرگ و نان (دیوانی دڵزار: ٥٠).

### ٣-٢-٢- موەششەح

موەششەح لە سەر بنەمای کۆپلە بونیاد دەندرێت (عەلی، ٢٠١٥: ٢٢٩). یەکێکە لەو قاڵبە هونەرییانەی لە قۆناغی نوێبوونەوەدا هاتۆتە نێو شیعری نوێی کوردی. قاڵبێکە «لە سەر گۆڕانی کێش و سەروا دامەزراوە» (گەردی، ١٩٩٩: ٢٥٦). موەششەح بەپێی بوونی مەتڵەع دوو جۆری هەیە:

**ئەلف) موەششەحی تەواو:** بەزۆری لە شەش قوفڵ و پێنج بەیت پێکدێت. پارچەی یەکەم دوو قوفڵی تێدا هاتووە، قوفڵێک لە سەرەتا و قوفڵێک لە کۆتایی پارچە. قوفڵی سەرەتا (مەتڵەع) ی پێدەگوترێ.

**ب) موەششەحی ئەقرەع:** بەزۆری لە پێنج قوفڵ و پێنج بەیت پێکدێت. هەر پارچەیەک قوفڵێکی هەیە کە دەکەوێتە کۆتایی پارچە. بەو واتایەی موەششەحی ئەقرەع مەتڵەعی نییە و ڕاستەوخۆ بە بەیت دەستپێدەکات (ابن سناء الملک، ۱۹٤۹: ۲۵).

**۳-۲-۲-۱- پێکهاتەی موەششەح**

موەششەح وەک قاڵب، بونیادێکی تایبەت بەخۆی هەیە و هەر بەندێکی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بە هەردووکیشیان (بەیت) دروستدەکەن. پێویستە بەیت لەتەواوی بەندەکاندا بە هەمان پێکهاتە دووبارە ببێتەوە (زینب، ۲۰۱۱: ۵۷).

**۱- دەور:** لە موەششەحی تەواودا، دەکەوێتە دوای مەتڵەع، بەڵام موەششەحی ئەقرەع ڕاستەوخۆ بە دەور دەستپێدەکات (نمیش اسماء، ۱۹۱٦: ۵۹). هەر لەتێک لە لەتەکانی دەور (سەمت) ی پێدەڵێن، بە زۆری دەور لە سێ سەمت پێکدێت.

**۲- قوفڵ:** لە هەر بەندێکدا قوفڵێک بەدوای دەوردا دێت. موەششەح بەبێ قوفڵ دروست نابێت (گەردی، ۱۹۹۹ا: ۲۵٦). قوفڵ بەپێی بەندەکان ناو دەنرێت (جربوع، ۲۰۱۹: ۱۱) بۆ نموونە قوفڵی یەکەم، قوفڵی دووەم، ... هتد. قوفڵی سەرەتای بەندی یەکەم ئەگەر هەبوو (مەتڵەع)ی پێدەگوترێت. بەو واتایەی مەتڵەع بریتییە لە قوفڵی سەرەتای پارچەی یەکەمی موەششەحی تەواو (جربوع، ۲۰۱۹: ۱۰). قوفڵی بەندی کۆتایی لە موەششەحدا (خەرجە)ی پێدەگوترێت. بوونی خەرجە لە موەششەحدا مەرجە (عباسە، ۲۰۱۲: ۷۱). لەتی قوفڵەکان (غوسن)یان پێدەڵێن، لە هەموو بەندەکاندا هەمان پێکهاتەیان هەیە (مصطفی عوض کریم، ۱۹۵٦: ۱۰).

**۳-۲-۲-۲- سیماکانی نوێکردنەوەی قاڵبی موەششەح لە شیعرەکانی دڵزاردا**

دڵزار لە داڕشتنی قاڵبی موەششەحدا، دوو قاڵبی شیعریی هەیە و لە هەر یەکێکیاندا، شیوازێکی تایبەتی پەیڕەو کردووە:

ئەلف) لە دەقی «باڵا بەرزی نەرم و شل»دا کە بە کێشی ژمارەیی هۆنراوەتەوە، قاڵبەکەی لە سەر چوار بەند داڕشتووە، موەششەحەکە لە جۆری «ئەقرەع»دایە، چونکە بەیتی یەکەمیش ڕاستەوخۆ بە دەور دەستپێدەکات:

ئەی باڵابەرزی نەرم و شل
ئارامی گیان و جەرگ و دڵ

بە غەمزەی چاوی پڕ لەکل
تەوقی سەوداتم کەوتە مل
جا نازەنین حۆری زەمین مەرهەمی برین تاکەی زاری
تاکەی گریان جگەر سووتان بوومە بریان بە یەکجاری (دیوانی دڵزار: ٧٩).

دڵزار لەم قاڵبەدا، پابەندی پێکهاتەی بونیادی بەیتەکان بووە، سەروای دەور لە سەروای قوفڵ و لە سەروای دەوری بەیتەکانی دیکە جیاوازە و سەروای قوفڵەکان لە هەموو بەندەکاندا هاوشێوەن. هەر دەورێک لە چوار سەمت پێکهاتووە. قوفڵەکان ئاوێتەی هەشت پارچەیین و بەپێی بونیادی سەروا بەسەر دوو غوسنی چوار پارچەیی دابەشکراون.

ب) لە موەششەحی «بەندیخانەی کۆیە»دا، پێکهاتەی بونیادی هەر بەندێکی بریتییە لە «مەتڵەعێکی چوار غوسنی و دەورێکی سێ سەمتی» و قوفڵی تێدا نییە کە ئەمە لەگەڵ بونیادی موەششەحی باو یەک ناگرێتەوە. دڵزار بەم پەیڕەوکردنەی لادانێکی بنەڕەتیی لە قاڵبی موەششەحدا کردووە. بەندی یەکەم وەک نموونە دەخەینە ڕوو:

چاوگەی پاکی شادیم پیس بوو
تووشم بە تووشی پۆلیس بوو
سەر لە ئێوارێ
هەژدە بەجارێ
بۆم هاتنە خوارێ (دیوانی دڵزار: ٢١٤).

**٣-٢-٣- موستەزاد**

یەکێک لە و قاڵبە شیعرییانەی لە قۆناغی نوێبوونەوەدا، شاعیران دەستی گۆڕانکاری و داهێنانیان بۆ بردبێ، قاڵبی موستەزادە. دڵزار لەم ڕووەشەوە هەنگاوی گەورە و بوێرانەی ناوە و لادانی زۆری لە قاڵبی باوی موستەزاددا کردووە. موستەزاد لە شیعری کلاسیکیدا ئەوەیە کە شاعیر «غەزەلێك دەهۆنێتەوە لەسەر یەك کێش و قافیە، لە پاشاندا هەموو نیوەدێرێك بە ڕستەیەك دەبەستێتەوە، ئەم ڕستەیە زیادەکەیە، کە دەچێتە سەر هەموو نیوەدێرەکانی شیعرەکە» (خەزنەدار، ٢٠١٠، ب١: ١٩٠). لەبارەی کێشەوە «تیکە زیادکراوەکانیش بریتین لە دووبارەکردنەوەی پێی یەکەم و چوارەمی لەتە ڕەسەنەکان» (یادگار ڕەسوول، ٢٠٠٥: ١٥٠). نیوەدێری بنەڕەتیی شیعرەکە کە لەتی پێدەگوترێت «چ لە کێش و چ لە سەروادا، هیچ پێویستییەکیان بەو زیادانە نییە» (سجادی، ١٩٦٩: ١٧٧)؛ بەو واتایەی «غەزەلەکە بە تەنیا بەبێ زیادەکان غەزەلێکی ئاساییە» (خەزنەدار، ٢٠١٠، ب١: ١٩٠).

سەبارەت بە داڕشتنی قاڵبی موستەزاد لە شیعری کلاسیکیدا «هەمیشە بە کێشە هەشتییەکان دەبێ» (گەردی، ۱۹۹۹: ۲٤٥). بە زۆریش «کێشـــی هەزەجی هەشـــت هەنگاویی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف، یان مەقســـوور بەکارهاتووە» (یادگار ڕەســـوول، ۲۰۰٥: ۱٥۰). ســـەروای لەتەکانی موســـتەزادی کلاســـیکی «وەکو ســـەروای غەزەل و قەســـیدە وایە و بە زۆری دێری یەکەمیشـــیان موســـەڕڕەعە، تیکە زیادەکانیش لەنێو خۆیاندا دابەشـــبوونی ســـەروایان وەکو غەزەل و قەســـیدە وا دەبێ و بە زۆری ئەوانیش دێری یەکەمیان موســـەڕڕەع دەبێ» (گەردی، ۱۹۹۹ب: ۲۸۷). بۆ نموونە:

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە وو کەوتووم          تا ماوە حەیاتم

دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە بەسەرچووم          قوربانی وەفاتم (نالی، ل۳۳)

### ۳-۲-۳-۱- نوێکردنەوەی قاڵبی موستەزاد لە شیعرەکانی دڵزاردا

هەموو ئەو لادانانەی لە بنەمای چەندییێتی و چۆنیەتیی بەیەکەوە هاتنی لەت و تیکەکاندا کراون، لە قۆناغی نوێبوونەوەدا ڕوویانداوە، بۆیە وەک هەوڵێک بۆ نوێکردنەوەی قاڵبی موستەزاد لێیان دەڕوانرێ. ئەمەش لە هەردوو جۆر کێشدا بەرچاودەکەون.

#### ۳-۲-۳-۱-۱- گۆڕانکاری لەو موستەزادانەی لە سەر کێشی چەندی هۆنراونەتەوە

دڵزار لەو موستەزادانەشدا لە شێوازی باو لایداوە کە بە کێشی چەندی نووسراون بۆ نموونە:

ئەی تازە جەوان گەر ئەتەوێ ژینی بە خۆشی

واز بێنە لە سەرخۆشی کە تۆ ژیر و بە هۆشی

بۆ کورد بە پەرۆشی (دیوانی دڵزار: ۱۳۱).

هاوشێوەی موستەزادی کۆن لە سەر کێشی هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف هۆنراوەتەوە، بەڵام دڵزار لە جیاتیی ئەوەی بۆ هەر لەتێک تیکەیەک بهێنێتەوە، وەک هەوڵێکی نوێخوازی، بۆ دوو لەت تیکەیەکی بە هەمان پێکهاتەی تەفعیلەی یەکەم و دووەم هێناوەتەوە. دڵزار لە موستەزادی «هەژارین»دا کە لەتەکانی لە سەر کێشی هەزەجی شەشیی مەقسوور «مەحزووف» بونیاد ناوە، پەیڕەوێکی تەواو جیاوازی لە بونیادی پێکهاتەی تیکەدا کردووە. بونیادی تیکەکانی لە سەر تەفعیلەی «مستفعلاتن» داڕشتووە کە لە پێکهاتەی لەتەکاندا نییە، لە کاتێکدا لە قاڵبی باودا، تیکە لەو تەفعیلانەوە دروســـت دەبێت کە لە خودی لەتەکەیدا هەن. ئەمەش خاڵێکی جەوهەریی بونیادی موســـتەزادی عەرووزییە و بە دەگمەن نەبێ، شـــاعیرانی نوێخوازیش لەو بنەمایە لایان نەداوە. بۆ نموونە:

برا وەرزێر و جوتیار و سەپانین

بێ بەرگ و نانین
ئەگەرچی هەڵگری هەوجاڕ و داسین
هەردەم کەساسین
لە چنگ ئاغا جگەر پارە و پەڵاسین (دیوانی دڵزار: ٤٦).

جگە لەوەی موستەزادەکە بە شێوازی کۆپلەیی هۆنراوەتەوە، لە ڕووی سەرواشەوە لادانی کردووە، سەروای تیکەکان دەچنەوە سەر سەروای لەتەکانی پێش خۆیان. قاڵبی هەر پێنجینەیەک بریتییە لە: (AaBbB). لە هەوڵێکی دیکەیدا، دڵزار لە موستەزادی «ئەگەر گەرەکتە»دا (٤٩) کە بە کێشی سەریعی شەشیی مەتویی مەوقووف «مەکشوف» و بە شێوازی کۆپلەیی هۆنراوەتەوە، هەر کۆپلەیەکی لە سێ لەت و دوو تیکە پێکهاتووە، تیکەکان یەک تەفعیلەیین و بە هەمان سەرواوە لە کۆتایی لەتەکانی پێش خۆیان وەرگیراون (AaBbA). بۆ نموونە:

دەس بەرە بۆ تۆپ و تفەنگی خەبات
بۆ نەجات
ڕووکەرە مەیدان و بگرمێنە جا
ئەی برا
هەر وەکو گەنجانی ڕەقی ڕۆژهەڵات (دیوانی دڵزار: ٤٩).

**٣-٢-٣-١-٢- ئەو موستەزادانەی بە کێشی ژمارەیی هۆنراونەتەوە**

دڵزار لەو موستەزادانەی کە کێشی ژمارەیی تێدا بەکارهێناون، لادانی زیاتری لە پێکهاتە و بەیەکەوەهێنانەوەی لەت و تیکەکاندا کردووە، بۆ نموونە:

**ئەلف) زیادکردنی یەک تیکە دوای چوار لەت:** دڵزار لە موستەزادی «کوردستان»دا کە لە سەر بنەمای پێنجینەبەند هۆنراوەتەوە، دوای چوار لەت، تیکەیەکی بە هەمان سەروا زیادکردووە (AAAAa) بۆنموونە:

کوردستان جوانی ئێکجار شیرینی
بێ شک بەهەشتی سەر ڕووی زەمینی
خاوەن غیلمان و حۆری نەخشینی
دایم ڕازاوە و جوان و ڕەنگینی
هەوێنی ژینی (دیوانی دڵزار: ٦٥)

**ب) هێنـانەوەی لەت و تیکە لە بونیـادی جیـاوازدا:** دڵزار وەک هەوڵێکی نوێخوازانە، لە چەنـدییێتی و چۆنیەتیی بەیەکەوە هـاتنی لەت و تیکەدا، تەکنیکی زیـاتری لە بونیـادی موستەزادەکانیدا بەکارهێناوە، بۆ نموونە، لە موستەزادی «دیسان ڕەشەبا» (۲۲۲)دا:

۱- لە سـەرەتادا، دوای سـێ لەت تیکەیەکی بە هەمان سـەروای لەتی سـێیەم زیاد کردووە (AABb):

بارەش کز و کپ بوو تاوێ
کەچی لەپڕ لەناکاوێ
لووراندی و تێی هەڵکردەوە
بەکردەوە

۲- دواتر یەک تیکەی بە هەمـان سـەروای لەتی پێش خۆی بۆ دوو لەت زیـاد کردووە (BCc):

ڕەونەقی باخی بردەوە
زیانی دا، زیانی زۆر
داری کلۆر

۳- هێنانەوەی تیکە دوای پێنج لەت بە هەمان سەروای لەتی پێشخۆی (DDEEe):

خۆی ڕانەگرت و ڕاقەنا
کەوتە ژێر پێی دێوی فەنا
هەزاران گوڵی هەڵوەراند
نۆبەرەی نایابی پەڕاند
هەزاران هێلانەی ڕماند
کۆتری مراند

٤- دواتر، یەک تیکەی بە هەمان سەروا بۆ یەک لەت زیاد کردووە (Ff):

بەڵام دیسان درەختی ساخ
وەک لووتکە شاخ

۵- لە کۆتاییدا. یەک تیکەی لە نێوان دوو لەتدا زیاد کردووە (GhH):

خۆی ڕاگرت و ڕا نەقەنا
ڕاناقەنێ
بە هیچ هێزێ هەڵناقەنێ.

**پ) هێنانەوەی تیکە پێش لەت:** ئەم پەیڕەوە هەڵگەڕاندنەوەی پێکهاتەی باوی موستەزادە، پێشخستنی تیکە، لادان و داهێنانێکی نوێیە کە دڵزاری شاعیر پەیڕەوی کردووە. بۆ نموونە:

نان    ئەتۆی بەنزینی ژینی توخمی ئینسان
مان    بەبێ تۆ نەبووە هەرگیز، نابێ بۆمان
ژان    لە ژینی برسێتی و ڕووتی هەژاران
لان    لە گشت لاییێکی لەشدا ڕێک ئەخا جوان (دڵزار: ١٣٣).

**٤- ئەنجام**

دڵزار لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا، پەیڕەوی هەردوو کێشی چەندی و کێشی ژمارەیی کردووە. لە کێشی چەندیدا تەکنیکی جیاوازی بەکارهێناوە و لە قاڵبە باوەکەیدا لادنی کردووە، وەک هەڵوەشاندنەوەی قاڵبە عەرووزییەکان و تێکشکاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان. لە کێشی ژمارەییشدا، پەیڕەوی ئەو قاڵبانەی کردووە کە بەکاریگەریی ئەدەبی ئەورووپی و ئەدەبی تورکییەوە هاتوونەتە ناو شیعری نوێی کوردی؛ وەک قاڵبی یازدە بڕگەیی و قاڵبی سێزدە بڕگەیی. لە چوارچێوەی هەردوو جۆرە کێشەکەشدا، شیعری ئازادی نووسیوە. دڵزار شیعری پارچەیی نووسیوە، بۆ نموونە، قاڵبەکانی (سێیینە، چوارینە، پێنجینە. شەشینە، هەشتینە و نۆیینە) کە لە سەر بنەمای لەت بونیادنراون. پەیڕەوی قاڵبی پارچەبەندی کردووە و چەند جۆرە قاڵبێکی پارچەبەند لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن، وەک: (سێینەبەند، چوارینەبەند، پێنجینەبەند، شەشینەبەند). لە بونیادی پارچەبەندەکاندا، پەیڕەوی شێوازی جیاوازی کردووە:

- تێکەڵکردنی پارچەی هەشتینە و شەشینە و چوارینە، لە پێکهاتەی پارچەبەندێکدا.
- پەیڕەوکردنی سیستەمی سەروای سۆنێتە لە پێکهاتەی پارچە و پارچەبەندەکاندا.
- تێکەڵکردنی دوو قاڵبی هونەریی جیاوازدا، بۆ نموونە پیادەکردنی قاڵبی موستەزاد لە پێکهاتەی پێنجینەبەنددا.

دڵزار چەند جۆرێک لە قاڵبەکانی موسەممەتی لە شیعردا پەیڕەوکردووە، وەک: (موسەممەتی سێیی، موسەممەتی چواری، موسەممەتی پێنجی، موسەممەتی شەشی). لە بونیادی قاڵبەکانیشدا شێوازی جۆراوجۆری لە پێکهاتەی نوبەندا کردووە، وەک: ناوبەندی یەک لەتی، ناوبەندی دوولەتی، ناوبەندی سێ لەتی)؛ لە ناوبەندە دوولەتییەکانیشدا جۆری جیاوازی پەیڕەوکردووە، وەک: (تەرجیع، تەرکیب، تەرجیعی تەرکیب). دڵزار قاڵبی (موەششەح)ی بە هەردوو کێشی چەندی و ژمارەیی و بە هەردوو جۆری (ئەقرەع) و (تەواو) داڕشتووە. لادانی لە

پەیڕەوی باوی (موەششەح)دا کردووە، وەک: پابەند نەبوون بە ژمارەی بەندەکان، هێنانەوەی قوفڵ لە سەرەتای بەیتدا). دڵزار لە شیعرە موستەزادەکانیشیدا لادانی لە قاڵبی موستەزادی کلاسیکیدا کردووە، وەک: (پابەند نەبوون بە شـێوازی هێنانەوەی تیکەکان؛ بۆنموونە لە موسـتەزادێکی عەرووزیدا، تیکەی لە سەر بنەمای تەفعیلەی جیاواز داڕشتووە کە بوونیان لە لەتەکاندا نییە. لە چەندیەتی و جۆنیەتیی هێنانەوەی لەت و تیکەکاندا، تەکنیکی جۆراوجۆری پەیڕەوکردووە، بۆ نموونە:

- هێنانەوەی تیکە دوای لەتی جیاواز: (دوای دوولەت، دوای سـێ لەت، دوای چوار لەت، دوای پێنج لەت، دوای شەش لەت.
- هێنانەوەی تیکە پێش لەت.
- بەکارهێنانی سەروای هەمەجۆر لە نێوان لەت و تیکەکاندا.

دڵزار لە شیعرەکانیدا سیستمی سەروای جۆراوجۆری بەکارهێناوە، وەک سەروای پارچەی سێی و چواریی سۆنێتە، پەیڕەوکردنی سەروای ئازاد و تێکەڵکردنی قاڵبی سەرواکان. لە چەند دەقێکیشدا پارچەی بەبێ سەروا هۆنیوەتەوە.

## سەرچاوەکان

### ئەلف. کوردی


ئەحمەد، صافیە محەمەد (۲۰۱٤). *شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود*. چاپی یەکەم، هەولێر: یەکێتیی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی.

ئەحمەدی خانی (۱۹۹٦). *ژ هەلبەستێن ئەحمەدێ خانی*. کۆمکرن و تویژاندن: ئیسماعیل بادی، چاپا یەکێ، دهۆک: هاوار.

باڵەکی، یادگار ڕەسـوول (۲۰۰٥). *سـیماکانی تازەکردنەوەی شـیعری کوردی*. چاپی یەکەم. دهۆک: سپیرێز.

دڵزار، ئەحمەد (۲۰۰٦). *دیوانی دڵزار*. پێداچوونەوەی: ئازاد دڵزار، چاپی دووەم، هەولێر: بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

سجادی، علاءالدین (۱۹٦۷). *ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی*، بەغدا: مەعارف.

عەلی، زانیار سـاڵح (۲۰۱٥). *بنیاتی ئاوازەیی لە شـیعری نوێی کوردیدا*. ۱۹۱۸-۱۹٥۸، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی.

گەردی، عەزیز (١٩٩٩ا). *کێشـی شـیعری کلاسـیکی کوردی*. چاپی یەکەم، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.
گەردی، عەزیز (١٩٩٩ب). *سەروا*، هەولێر: ئاراس.
نالی، مەلا خدر ئەحمەدی شـاوەیس (١٣٨٦). *دیوانی نالی*، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، چاپی پێنجەم، سنە: کوردستان.

**ب. فارسی**

رادفر، ابوالقاسم و همکاران (١٣٩٦). «اقسام و توابع مسمط در شعر فارسی». *کهننامه ادب پارسی*. سال ٨، شماره ٣، صص: ٤٣ -٦٥.
رزمجو، حسین (١٣٩٠). *انواع ادبی و آثار آن در زبان فارسی*. چاپ سوم. مشهد: دانشگاه فردوسی.
شمیسا، سیروس (١٣٨٣). *انواع ادبی*. چاپ دهم، تهران: فردوس.

**ج. عربی**

ابن سناء الملك، القاضی السعید أبی قاسم هبة الله بن جعفر (١٩٤٩). *دار الطراز فی عمل الموشحات*. تحقیق: جودة الركابی، دمشق: المطبعة الكاثولیكیة.
أسماء، نمیش (٢٠١٦). *الموشحات و الازجال وأثرها فی الادب الاوروبی القدیم*، شعر التروبادور أنموذجا. رسالة دكتوراه، الجزائر: جامعة جیلالی لیابس-سیدی بلعباس.
جربوع، سعیدة (٢٠١٩). *البنیة الایقاعیة فی فن الموشحات (ابن زهر وابن سهل وابن الخطیب أنموذجا)* رسالة دكتوراه، جامعة محمد بوضیاف بالمسة.
زینب، سیدهم (٢٠١١). *بنیة الموشحات الاندلسیة- ابن سهل الاندلسی نموذجا* — مقاربة اسلوبیة، رسالة الماجستیر، الجزائر، جامعة وهران.
عباسة، محمد (٢٠١٢). *الموشحات والازجال الاندلسیة وأثرها فی شعر التروبادور*، ط١، الجزائر: دار أم الكتاب للنشر والتوزیع.
الكریم، مصطفی عوض (١٩٦٥) *الموشحات والازجال*، القاهرة، دار المعارف.